خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی "پێنگە سپییەکە"ی ئەرقەند ئەدیگا … لەلایەن: عەلی ئەحمەد

ساڵانێك بوو بۆ کلیل دەگەڕایت,بەڵام دەرگا هەمیشە کراوە بوو…

"پێنگە سپییەکە" بە یەکێك لەو ڕۆمانانە دەزانم,کە فرە هەندو خاوەنی پەیامی مرۆڤایەتیە.
ئەرقەند ئەدیگای نووسەر,کە بەهۆگەز هندیە,لەچاو تەمەنی خۆی لەدەرگای زۆر بابەتو گرفتی هەنوکەییو مرۆڤووی دەدات,کە لەڕێگەیەوە دەتوانین بەبێ پاسپۆرت بەناو کوچەو گوندو شاری گەورەو جەنجاڵی (دێلهی) گوزەر بکەین.
یەك لەو هەندانە پەروەردەو کلتوری وڵاتەکەیە,کە ئاشنامان دەکات بەو وابەستە ئاینیو کۆمەڵایەتیانەی,کە هەریەك لە هاوڵاتیانی هندستان بەجۆرێك پێوەی گرێ دراون, سیستمی قوتابخانەو شێوازی مامەڵەی مامۆستاو کەرتی پەروەردە,کە کاریگەری جەوهەری لە ژیانی تاکی هندی هەیە.منالی هەژارەکان ناتوانن بگەنە ئەنجامێك, بە چەندین بیانوو کە سەرەکیترینیان خودی هەژاریە.

یەکێکی تر لەو مەسەلانەی,کە نوسەر زۆر جەختی لەسەر کردووە جیاوازی چینایەتییە,کە وەك درزێکی گەورەو ووون لەناوان خۆو جوگرافیادا دەبینرێت.
(دێلهی)پایتەخت وەك شارێکی مەدەرن بەئاشکرا لەناوان گەڕەکە هەژارنشینەکانو سەرمایەدارەکانو کونسوڵخانەو هۆتێلە پێنج ئەستێرکان لەووی خزموتگوزاریو پاکو خاوێنیو ئاستی هۆشیاری تاکەکان.جیاوازیەکی گەورەی هەیە.ماهیەتی شارو ئاستی پایتەختێتی (دێلهی) لەو دیدەدا خراوەتە بەر نەشتەری ڕەخنەیەکی جدیەوە:"هند تەنها پایتەختی یەك وڵات نیە,بەڵکو پایتەختی دوو وڵاتە (تاریکیو ڕوناکی)." نوسەر ئەم دوو چەمکە وەك لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکە بەکاردێنێت,وەك دوو دونیای تەواو دژیەك.
یەك لەسیما دیارەکانی هندستان,کە نوسەر دەیخاتە ڕوو بوونی ئەو هەموو خوداو ڕۆچکانەیە,کە هەریەکەیان سەرچاوەگرتوون بەمرۆڤووی تایبەتی خۆیانو ئەداکردنی دروشمە جیاوازەکان.
نوسەر توانیویەتی وێنەیەکی بۆ ڕووشی مرۆڤی هندیمان پیشان بدات,لەبەپیرۆز زانینی شوێنو کاتو پەرستراوەکان.

گوزارشتکردنی هێندە بەزمانێکی پاراوکراوە,کە لەهەندێ شوێنی دیمانەکە خەریکە خۆت لەکلکەاوەشانی گامێشو گاکانی سەرجادەو بازاڕکان لابدەیت.
بۆنی هاڵاوی شیاکەو جۆگەلەکان دێن بەلوتتدا.

ئارقەند ئەدیگا اەڵگەی کارەکتەری سەرەکی (باڵرام حەواچی) ەخنەی تونڈ لەسیستمی سیاسی هندستان دەگرێت,کە بەناوی دیموکراسیەوە گەورەترین پێشێلکەری دیموکراسی و مافی مرۆڤە,کە خۆی لە گەندەڵی و بەرتیلو قۆرکردنی بازاڕو ئابووری وڵات دەبینێتەوە.
باڵرام لەرگەی نامەیەك,کە بۆ (جیاباو) سەرۆکی وڵاتی چین دەینوسێت,کاتێك بۆ سەردان دێتە هندستان.بەراورد لونڈوان چین و هندستاندا دەکات,لەهەندێ لایەنەوە,داواس لە (جیاباو) دەکات,کە پێچەوانەی قسەکانی سەرۆکی هند بەاست وەربگرێت.
باڵرام لەشوێنکدا,کە قسە لەسەر بانگەشەی دەنگدان و دیموکراسی دەکان,دەڵێت:"ئەگەر من وڵاتم بنیادبایە,پێش هەموو شتێك بڕی ئاوەڵم دادەنا,دوای ئەوە دیموکراتی,دوایش دەچووم نامیلکەو پەیکەری (گاندی)م پێشکەش بەخەڵك دەکرد.ئەمەش ئاماژەیەکی ڵوونە بەوەی کە سیاسیەکان هەمیشە مەزنی کەسایەتیە مێژوویەکانی ووڵات وەك شەرعیەت دان بە ئاڕاستە سیاسیەکانیان بەکاردێنن.

کاراکتەری ((باڵرام)) ,کە لەقوتابخانە دەردەهێنرێتو دەخرێتە بەرکاروکاسپی,ئەمە لەکاتێکدایە,کە باڵرام قوتابیەکی زیرەکە,بەجۆرێك مامۆستاکەی بە "پێنگی سپی" وەسفی دەکات.
هەربۆیە بەدوورخستنەوەی لەقوتابخانە برینێکی قوڵ دەکاتە ەحیەوە.بەشێوەیەك,کە دواجار دەیکاتە پیاوکوژ,ئەویش بەکوشتنی (ئاسێك) خاوەن کارەکەی.بەهەمان ئاڕاستەی کوشتنی پیرەژنە سوخرەکە لەلایەن(اسکەیکەڤ) لەەمانی (تاوانو سزادا),بەڵام لەفۆرمێکی تردا.
نوسەر ناوی سێ شاعیری بەناوبانگی دونیا دێنێت,کە ئەوانیش:(مەولانا,ئیقبااڵی لاهوریو میرزا غالیب)ە,کە کاریگەری دونیا بینیو ەحی فەلسەفەگەراییان لەسەر مرۆڤایەتی هەیە.

لایەنێکی تری ەمانەکە,نیشاندانی دیوێکی تری ژیانی هندیەکانە لەژێر ەحمی خاوەنکارەکانیان,کە وەك کۆیلەیەك دەوانێتە بەردەستەکانیان.بەشێوەیەك نوسەر ژیانی ئەوانی شوبهاندووە بەو کەشۆرانەی,کەلەناو قەفەسدان لە بازارە هەژارنشینەکانی (دێلهی).
باڵرام پاش چاوخشاندنی بەیەکێك لەکتێبە کۆنو زەردەکاندا ئەم وتەیەی بەرچاوەکەوێت:"ساانێك بوو بەدوای کلیلدا دەگەایت,بەام

دەرگا هەمیشە کراوەبوو.” ئەمەش وەك گوزارشتکرن لە بەهەڵە هەنگاونانی مرۆڤ بۆ هێنانەدی خولیاو ئاواتەکانیو بوونی گەنجینەکە لەبەردەمماندا.یان لەتەنیشتماندا,لەکاتێکدا ئێمە بۆ گەیشتنمان دورتر دەبین.
دواجار,لەبیرمان نەچێت ئاماژە بە وەرگێڕانە جوانو پاراوەکەی (شلێر هەشید)بکەین,کە سەلیقەیەکی تایبەتی بەکاربردووە,لە گەیاندنی پەیامو بیری نوسەر بەخوێنەری کورد.